HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network
هێلین

کاریگەری ڕای گشتی لەسەر توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت

د. ڤیان سلێمان

لە هەموو قۆناخێکی مێژوویی و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بابەتێک بوونی هەیە ئەویش ڕای گشتی تاکەکانە چونکە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ئەنجامی تێگەیشتنی تاکەکان لەوەی کە ناتوانن ژیان بە تەنیا ببەنە سەر و پێویستییەکانیان بەدی بهێنن، دروست بووە، کەواتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە پێکەوەژیانی تاکەکانە.

ڕای گشتی کاریگەری لەسەر هەر پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە و دەتوانێت ڕەوتی ڕووداوەکان ئاراستە بکات و بەرپەرچ یان پەسەندیان بکات، ئەوەش بەپێی قەبارەی ئەو جەماوەرە و کەناڵەکانی دروستبوون و ئاراستەکردنی و ئەو ڕایە، بۆ نموونە لەمڕۆدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو کەناڵەن کە ڕای گشتی لێیانەوە دروست دەبێت و ئاراستە دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی ڕای گشتی دروست دەکات جەماوەرە و ئەو ڕایەش بۆ پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری یان هەر بوارێکی دیکە کە بە لای خەڵکەوە گرنگن دروست دەبێت.

هەر بۆیە وەک چۆن ڕای گشتی کاریگەری لەسەر هەر پرس و بابەتێک هەیە، بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر پرسی ئافرەت بە گشتی و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بە تایبەتی هەیە، لەو چوارچێوەیەدا ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە ڕێگەی دروستکردنی ڕای گشتی یاخود بەدەستهێنانی هاوسۆزی ڕای گشتی دەتوانین تا ئەوپەڕی ئەو دیاردەیە ناپەسەند و قێزەون پیشان بدەین، بە دڵنیاییەوە ئەوەش کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر کەم کردنەوەی ئەو دیاردە ترسناکە.

توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت کارێکی قێزەون و دوور لە بەها مرۆڤایەتییەکانە، کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و جیهانی پێشکەوتوو بە تەواوی دژ بەم دیاردەیەن و وەک ڕەفتارێکیی ترسناک و مایەی هەڕەشە بۆ مرۆڤایەتی و شارستانیەت و ئاشتی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانن. هاوکات خەباتێکی مەدەنی سەرتاسەری دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی بۆ نەهێشتن و بنەبڕکردنی هەیە، توندوتیژی دژی ئافرەت دیاردەیەکی سەرتاسەرییە، ئافرەت لە هەمان کاتدا لە کۆمەڵگە نەریتیی و پێشکەوتووەکانیش توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام هۆکار هەروەها ڕەفتار و مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە لە کولتوورێک و کولتوورێکی دیکەدا جیاوازە، ئەوەی مەبەستمە لێرەدا تیشکی بخەمە سەر ڕۆڵی ڕای گشتی کۆمەڵگەیە لەسەر ئەم دیاردەیە، ئێمە با بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی یاخود هۆکاری سەرەکی ئەو توندوتیژییەی پیاو بەرامبەر ئافرەت ئەنجامی دەدات، کە سەرچاوەکەی هزری پیاوسالاریی و هزری خاوەنداری پیاوە بۆ ئافرەت لەو چوارچێوەیەشدا تێگەیشتن بۆ چەمکی پیاوەتی و ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی دەدرێتە پاڵ هەر یەکە لە ئافرەت و پیاو.

خۆشبەختانە لە کۆمەڵگەی کوردستانیشدا ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان ڕای گشتی لەسەر توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت لە، لە ئێستادا دەبینین توندوتیژی پیاو بەرامبەر ئافرەت لە پێشوودا وەک هێمایەک بۆ ئازایەتی و پیاوەتی لە قەڵەم دراوە و ئەوەش دەتوانم بڵێم ڕای گشتی کۆمەڵگە بووە، بەڵام ئێستا ئەو تێڕوانینە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و توێژێکی زۆر لە کۆمەڵگە بە تەواوی لە دژی ئەو ڕەفتارەن، بەشێکی دیکەش بە شانازییەوە لێی نادوێن، دەشتوانم بڵێم بەشێکی دیکە یان ڕەوتێک لەسەر ئەو تێگەیشتنە نامرۆڤانە بەردەوامن و پشتگیر و هاندەری ئەو ڕەفتارەن، بە دڵنیاییەوە ئەم ئاراستەیە ڕەوتی زۆرینەی کۆمەڵگە پێک ناهێنن و بەرەو کەمینە دەڕۆن، ئەمەش گۆڕانێکی دڵخۆشکەرە و هەوڵێکی هەمەلایەنی زۆری بۆ دراوە، بێگومان پێویستی بە کار لەسەر کردنی زیاتر هەیە و دەبێت وێنایەکی سەردەمیانە لەسەر توندوتیژی لە ناخی تاکەکاندا بچەسپێنرێت و ڕای گشتی بۆ نەفرەتکردنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت ساز بدرێت.

ئەوەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی فراوانی هۆشیاری یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری دەربارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت، گۆڕانکاری لە تێگەیشتن بۆ چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوەتی و ژنێتی و هاوسەرگیری و خێزان، لە یەکگرتوویی خەباتی یەکسانیخوازی ئافرەتان ووتارێکی میانڕەو و دوورکەوتنەوە لە هەموو دژایەتییەکی پیاو بەڵکوو بەرەنگاری هزری پیاوسالاری نەک خودی پیاو، بەوەش دەتوانین زۆرترین هاوسۆزی و پشتیوانی پیاوانی یەکسانیخوازیش بەدەست بێنین و ڕای گشتی بۆ پشتیوانی لە پرسەکەمان درووست بکەین.

> ” توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت کارێکی قێزەون و دوور لە بەها مرۆڤایەتییەکانە، کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و جیهانی پێشکەوتوو بە تەواوی دژ بەم دیاردەیەن و وەک ڕەفتارێکیی ترسناک و مایەی هەڕەشە بۆ مرۆڤایەتی و شارستانیەت و ئاشتی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانن

فرەژنی بووە بە کلتوورێکی چاولێکەری لەلایەن پیاوانەوە

ڕێژین قاسم محمود

فرەژنی ئەو کلتوورەیە کە پیاوان تەنها لە پێناو حەزو ئارەزووی خۆیان چەسپاندوویانە لە کۆمەڵگە بە بێ بیرکردنەوە لە هەموو ئەو گیروگرفتە خێزانیانەی لە ئەنجامی حەزو ئارەزووی پیاو دێتە کایەوە. فرەژنی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەقتر دەبێتەوە بە داخەوە پیاوان زۆر بە بابەتێکی گرنگی ئاخاوتنی ڕۆژانەی دەزانن کە باسی لێوە بکەن، لە هەرێمی کوردستانیش ئەو بابەتە بە زەقی دەبینیرێت و دەبیسترێت هەروەها جێبەجێشی دەکەن ئەو پیاوانەی کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن هەوڵ دەدەن لە دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوسەرگیری دووەم و سێهەم و چوارەم ئەنجام بدەن، بەبێ ڕووخسەت وەرگرتن و یاخود وەرگرتنی ڕەزامەندی لە هاوسەری یەکەم.

فرەژنی بابەتێکە زۆربەی کات وەک تیرێک بەسەر دڵی ئافرەتەوەیە و هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر ئاسودەیی دەروون و ئارامی خێزانی و کۆمەڵگە و زۆربەی کات کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی لێکەوتۆتەوە.

بە بڕوای بەشێک لە پیاوان هێنانی چەند ژنێک لە لایەن پیاوەوە بۆ خزمەتکردنی هاوسەری یەکەمیەتی وای دادەنێن کە چاکەیەکە پیاو بەرامبەر بە هاوسەرەکەی دەیکات، بەڵام ئەم تێڕوانینە زۆر قێزەونە و بەرامبەر بە کۆی گشتی ئافرەتان فرەژنی بێ ڕێزییە بەرامبەر بە کەرامەت و هەست شعوری ئافرەتان، چونکە زۆرێک لە ئافرەتان دووچاری دڵشکان و دەروونێکی داڕووخاو دەبن .

بەشێکی زۆری ئەو پیاوانەی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە ئافرەتێک پێک دەهێنن تەنها دەیانەوێت حەز و ئارەزوو غەریزە سێکسیەکانی خۆیان پڕ بکەنەوە وە زۆربەی کاتیش ئەو ئافرەتەی کە دەیخوازن لە ڕووی جیاوازی تەمەنەوە زۆر لە پیاوەکە منداڵترە بەداخەوە کە ئەمەش بۆ نا هۆشیاری دایک و باوکەکە و هەروەها بۆ ناهۆشیاری ئافرەتەکەش دەگەڕێتەوە،پیاوان ئافرەتان تەنها وەک بووکەڵەیەکی سێکسی سەیر دەکەن و وای دەبینن ئافرەت تەنها بۆ خۆشبەختی و پڕکردنەوەی حەزی پیاوان خوڵقاون، چونکە بەشێک لە پیاوان ناتوانن سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی پێشکەش بە هاوسەری یەکەمی بکات، باشە ئەی چۆن دەتوانن لە هەمان کاتدا سۆز و خۆشەویستیان بۆ ژنی دووەم و سێهەم و چوارەم هەبێت؟!

هەروەها هەندێ لە پیاوان زۆر بێباکانە هەوڵ دەدەن بۆ خۆشی و حەزی خۆیان ژنی دووەم و سێهەم و چوارەم بهێنن، نموونە هەیە لە ناو کۆمەڵگەدا کە پیاو هەبووە لە ماڵ ڕۆیشتووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە، دوای چەند ساڵێک هەواڵ بە ژنی یەکەمی دەگات کە هاوسەرگیریەکی تری کردووە بەبێ ئەوەی خێزانی یەکەمی ئاگاداری ئەوە بێت هەندێک جار خێزانی دووەمیشی نازانێت کە ژنێکی تری هەیە هەروەها ژن و منداڵەکانی بێ نەفەقە وبێ پارە زۆر بێ بەرپرسیارانە جێهێشتووە، کە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی گەورە دروست بووە لەم حاڵەتانەدا. لە هەندێک بارودۆخدا بێ ویژدانانە بەشێک لە پیاوان هاوسەرەکەیان تەلاق دەدەن بۆ ئەوەی دووبارە هاوسەرگیری بکاتەوە،چونکە هاوسەری یەکەمی ڕازی نیە ژنی بەسەربێت،پیاوەکەش بێگوێدانە ماف و بەها ڕەوشتیەکان بەو پەڕی بێ ڕێزییەوە لە دادگا پەسەندی تەلاقەکە دەکات .فرە ژنی بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ زۆربەی کێشە کۆمەلایەتیەکان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و لە دەستدانی منداڵەکان و تێکچوونی شیرازەی خێزانی.

هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە بەشێک لە پیاوان ناتوانن بەپێی پێویست ئەو پێداویستیانەی خێزان و هاوسەری یەکەمی پڕ بکاتەوە، بەڵام هەوڵ دەدات هاوسەری دووەم بهێنێت هەروەها هەرچەندە دۆخی ئابووری خەڵک لاوازە، بەڵام هێشتا ڕێژەی فرەژنی لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە خەڵک هەبووە کچەکەی بێ مارەیی بەشووداوە .

پێویستە هەڵمەتێکی گەورەی هۆشیاری گشتی بڵاوبکرێتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ڕووی یاسایی و شەرعییەوە بۆ ئەوەی چیتر ئافرەتان نەبنە قوربانی کلتوورێک کە بۆتە هۆی تێکشکانی دەروونی ئافرەتان و تێکچوونی شیرازەی خێزانی و چیتر خێزان نەخرێتە بەردەم مەترسی هەڵوەشاندنەوە، کاریگەرییە نەرێنیەکان بخرێنە ڕوو تەنها لە ڕووی ڕواڵەتەوە سەیری بابەتەکە نەکرێت هەروەها پێویستە ئافرەتان هۆشیارانە تر بیربکەنەوە و خۆیان نەکە قوربانی کلتورێکی پیاوسالاری بۆ ئەوەی چیتر وەک ئامرازێک نەبینرێن و ماف ودەستکەوتەکانی خۆیان بزانن لە ڕووی یاساییەوە. بە هیوای ئەوەی ڕۆشنبیری تاکی کورد لە پرسەکانی تایبەت بە باری کەسی لەوپەری ئاست بەرزیدا بێت کە ژیانی مرۆڤ لە سەردەمی ئەمڕۆدا هیوای بۆ دەخوازێت و بەشێوازێکی سەردەمیانە دوور لە کلتووری چەق بەستووی و دواکەوتووی ژیان بکەن دروشمەکانی (هاوسەنگی و هاوبەشی و یەکسانی) بکەن بە بنەمای پێکەوە ژیان .

هەولێر ژمارە (٣٦٧١) ٢٠٢٢/٦/١٣

کاریگەرییە نەرێنییەکانی فرەژنی

هاوسەرگیری گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لەنێوان کورو کچ دا بەهۆیەوە هەریەکێک لەوان بۆ ئەوەی تر حەڵاڵ دەبێت بەپێی شەرع، مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و بەزەیی وبەرپرسیارەتی هاوسەرگیری بەپیرۆزترین شت دادەنرێت هاوسەرگیری لەنێوان دوو کەس روودەدات بەمەبەستی پێکهێنانی ژیانێکی بەختەوەر و هاوکاریکردنی یەکتر وەچە دروستکردن .گومانی تێدانیە هەر ئافرەتێک کە پرۆسەی هاوسەرگیری پێک دەهێنێت ئامانج لێ دروستکردنی ژیانێکی بەختەوەرە، بەڵام لەکۆمەلگەی کوردی شتێک باوە بەناوی فرە ژنی کەپیاوان دوای هاوسەرگیری یەکەم پەنا بۆ هاوسەرگیری دووەم و سێیەم و چوارەم دەبەن. پیاو هەرکاتێک ئارەزووی هەبێت هاوسەرگیری دووەم و سێیەم ئەنجامدەدات کەبێگومان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و لێکترازانی خێزان و دروستبوونی کێشە لەڕووی کۆمەلایەتی و ئابووری و دەروونی فرە ژنی کەشتێکی باوە لەنێو کۆمەلگەی ئێمەدا.

سەبارەت بەوەی کە فرەژنی زۆر لایەنی نەرێنی دروست دەکات لەسەر تاک د. شڤان ئیسماعیل حەمەد پرۆفیسۆری کۆمەڵناس دەڵێت: فرە ژنی دوو رەهەندی هەیە رەهەندێک وەکوو نەریتێک سەیر دەکرێت کە لەباوک و باپیران ماوەتەوە زۆرجار نەوەکان لاسای ئەوتوخمەلاساریە دەکەنەوە لەناو کۆمەڵگە، هەروەها رەهەندی دووەم ئەو حەزو و ئارەزوانەیە کە تاک ئەوبۆشاییە کۆمەلایەتیانەی هەیەتی لەناوکۆمەڵگە وەکو پێداویستەیک مامەڵەی لەگەڵ دەکات بەجۆرێکی رێکخراو ئامادە سازی بۆدەکات. زۆرجار ئەم مامەڵەکردنە وا لەتاک دەکات ئەو حەزو ئارەزوانەی هەیەتی لەرێگای فرەژنی حەزوو ئارەزوەکانی تێربکات، هەڵبەت ئەم پرۆسەیە لەئێستادا پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئالۆزە زۆرجار وەکوو کلتورو نەریت سەیردەکرێت زۆرجاریش وەکو توخمێکی لاساری سەیر دەکرێت زۆر جار تاک کەدەیەوێت حەزوو ئارەزوەکانی خۆی پڕ بکاتەوە زۆرجار ممارەسەی ئەم دیاردەی فرە ژنی دەکات. کەبێگومان ئەمەش زیانی بۆ خودی خۆی و خێزانەکەی دروست دەکات . هەلبەت فرەژنی لەرووی دەروونی کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دەروونی تاک زەختی دەروونی دروست دەبێت لەسەر ئەو تاکە پرۆسەی فرەژنی نەک کاریگەری خراپ لەرووی دەروونی کۆمەلایەتی دروست دەکات، بەڵکو زۆرجار تاکە کەسەکە توشی بەرێ لادانی رەفتار دەبێت گوشاری لەسەر دروست دەبێت . زور جار ئەو کەسانەی کەپەنا بۆفرەژنی دەبەن لەرووی دەرونی توشی جۆرێک لەفشارو پاڵەپەستۆ نارەحەتی دەبن.

مامۆستا سەعد بەرزنجی، مامۆستای زانکۆ دەڵێت ئەو کەسانەی کەهاوسەرگیری دووەم ئەنجام دەدەن پیاوان لەهاوسەری دووەم ئافرەتێک دەکاتە خێزانی خۆی کە لەرروی تەمەنەوە جیاوازیەکی زۆریان هەیە کەبێگومان ئەمەش لێکەوتەی زۆر خراپی هەیە جیاوازی تەمەن لەنێوان دوو هاوسەر کێشەی زۆر دروست دەکات، بەتایبەت کێشەی خێزانی کێشەی لێک تێنەگەیشتن کێشەی سەرجێ و کێشەی حەزوو ئارەزوەکانی هەریەکەیان و بیروباوەڕی هەردوکیان جیاوازە، چونکە تەمەن ڕەگەزێکی گرنگە لەپرۆسەی هاوسەرگیری زۆر گرنگە دووهاوسەر لەڕووی تەمەنەوە جیاوازیەکی زۆریان نەبێت چونکە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکیەکانی دروستبوونی کێشە لەنێوان دوو هاوسەر تەمەنە زۆر جار ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیری دووەم و سێیەم پێکدەهێنن لەرووی تەمەنەوە زۆر جیاوازیان هەیە بەرادەیەک کە زۆر جار دەبینین کاتێک کەپیاوێک پرۆسەی دووەم پێک دەهێنت ئەو ئافرەتە لەرروی تەمەنەوە زۆر لە ئەو بچوکترە . بەتەواوی کامل نەبوە کەبێگومان ئەمەش کێشەی زۆر دروست دەکات . بۆیە دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین کە بۆ پرکردنەوەی حەزوو ئارەزوەکانی ناکرێت پەنا بۆ ژنی دووەم ببەن هەر چەندە لەرووی شەرعەوە رێگە پێدراوە، بەڵام لەرووی شەرعەوە هاوسەرگیری دووەم و سێیەم کۆمەلێک بنەماو پرەنسیپی هەیە کەتاکوو ئستاش ئێمە لەو بنەما یاسایە تێناگەین بەلکوو لەکۆمەلگای ئێمە پیاو سالاری باوە کاتێک پیاو پەنا بۆ هاوسەرگیری دووم دەبات کەخێزانی یەکەمی بێ کێشەو کەموو کوڕیە ئەوەی هەیە تەنیا پڕکردنەوەی حەزوو ئارەزووەکانی خۆیەتی . هەرەوەها مامۆستا (سەعد بەرزنجی) دەڵێت بەنمونە حالەت هەبوە هاتۆتە لای ئێمە وەکوو توێژەری کۆمەلایەتی پیاوەکە تەمەنی (٤٠) سال بووە کچەکەش تەمەنی (١٨) سال بوە کەجیاوازیەکی زۆر هەبوە لەنێوانیان لەرووی تەمەنەوە کەبێگومان ئەمەش زۆر جارکێشەی گەورە دروست دەکات چونکە پیاوەکە لەتەمەنێک دایە تەواو کامڵ بووە لەرووی بیرکردنەوەو هەڵسووکەوت زۆر جیاوازی هەیە لەگەل کچەکە زۆر ئەم جیاوازیە لەرووی تەمەنەوە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە بەهۆی لێک تێنەگەیشتن .

زۆرجاریش کە پیاو زۆر گەورەتربێت لەکچەکە کاتێک دەگاتە تەمەنی پیری توانای تەواوی نامێنی لەرووی سۆز. عەتف سێکسی کەلەم حاڵەتانەشدا زۆر جار ژن هەبووە پەنای بۆ پەیوەندی ناشەرعی سێکسی ناشەرعی بردوە .کە لێرەدا ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارەساتێکی تری فرەژنی و جیاوازی تەمەنە لەنێوان ژن و پیاو لەکۆمەڵگەی کوردی فرە ژنی باو بوە.

د. نادیە تەڵعەت سەعید دەڵێت: خاڵە نەرێنییەکانی فرەژنی ئەوەیە پەیوندی نێوان ژن و مێرد لە خۆشەویستییەوە دەگۆڕێت بۆ دوژمنداری و کێشە و ئیرەیی بە یەکتربردن، کە ئەمەش وادەکات ژیانی ژن و مێردایەتی لێڵ و ئاواز بکات، ئەمەش وادەکات پیاو یاخود مێردەکە هەمیشە سەرقاڵ بێت بەچارەسەرکردنی کێشەی نێوان ژنەکانی و ژیانی ببێتە دۆزەخ و کێشە و دووبەرەکی. هەروەها یەکێکی تر لەخاڵە نەرێنییەکانی فرەژنی گواستنەوەی کێشەکانە لە نێوان ژنەکان یاخود دایکەکان بۆ منداڵەکانیان، ئەمەش وادەکات خوشک و براکان ڕقیان لەیەکتر بێتەوە و دژایەتی یەکتر بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو خێزانە دوچاری ناخۆشییەکی بێ کۆتا ببێتەوە و هێمنی و سەقامگیری تێدا نەمێنێ. خاڵێکی تریش ئەوەیە پیاوەکە ناتوانێ دادگەر بێت لەخۆشەویستی نێوان ژنەکانی هەروەها لە خەرجی و بەڕێوەبردنیان، لەوانەیە مەیلی بەلای ژنە نوێکەدا بێت، ئەمەش ژنە کۆنەکە ئازار دەدات و واهەست دەکات کە ئەو ژنە نوێیە هاتووە بۆ دابەش کردنی خۆشەویستی مێردەکەی لەگەڵیدا کەپێشتر تەنها بۆ ئەو بووە، دوای ئەمەش دڵ ئارام نابێت.

دیمەن تاهیر

مامۆستا سەعد بەرزنجی

د. نادیە تەڵعەت سەعید

د. شڤان ئیسماعیل حەمەد

بۆچی هەندێك هاوسەرگیری لە كاتی گونجاوی خۆیدا ئەنجام نادرێت؟

سایە هیوا

هاوسەرگیری بریتیە لە گرێبەستی ڕەزامەندی لە نێوان ئەو کچ و کوڕانەدا کە گەیشتونەتە تەمەنی یاسایی و بەهۆیەوە بەپێی شەرع و یاسا بۆیەکتری حەلاڵ دەبن، مەبەست لە هاوسەرگیریش پێکەوە ژیان و پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنچینەی (خۆشەویستی (المودە) و ڕێز) وەک ئاین باسی دەکات و بەرپرسیارەتی هاوبەش . ئەو هۆکارانەی وا دەکەن کچان و کوڕان لە کاتی یاسایی و گونجاو زوتر هاوسەرگیری بکەن زۆرن بەڵام هەندێک لەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو:

–نەبوونی هۆشیاری لای تاک و ناهۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری و دەرەنجامەکانی دوای ئەم پرۆسەیە .

–کاریگەری دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بەشێکی زۆری هاوڵاتیان بەتایبەت لە ڕابردودا کە کچان و کوڕان لە تەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیریان ئەنجام داوە .

– هەژاری و سەختی بارودۆخی ژیان وگوزەرانی خێزانەکان، کەناتوانن مناڵەکانیان بەخێوبکەن، بەتایبەت لەنیوان خێزانە قەرەباڵغەکاندا .

– نزمی ئاستی هۆشیاری دایک وباوک (خێزان) کە ئاستی بیرکردنەوەیان لەسەر پرۆسەکە بەشێوەیەک

> **نزمی ئاستی هۆشیاری دایک وباوک (خێزان) کە ئاستی بیرکردنەوەیان لەسەر پرۆسەکە بەشێوەیەک نزمە تەنیا مەبەستیان ئەوەیە منداڵەکانیان زوو بچنە ناو ئەو پرۆسەیە و لە کۆڵیان ببنەوە، ئیتر بیر لە داهاتو و دەرئەنجامەکانی ئەو جۆرە هاوسەرگیریە ناکەنەوە**

نزمە تەنیا مەبەستیان ئەوەیە منداڵەکانیان زوو بچنە ناو ئەو پرۆسەیە و لە کۆڵیان ببنەوە، ئیتر بیر لە داهاتو و دەرئەنجامەکانی ئەو جۆرە هاوسەرگیریە ناکەنەوە .

– پێشێلکردنی یاسا هۆکارە بۆ زیادبوونی ئەو پرۆسەیە، هەرچەندە ئامانجی یاسا دیاریکردنی ئەرک و مافی هاوڵاتیانە و سەپاندنی سزایە بەسەر کەسی سەرپێچیکاردا، بەڵام چاوپۆشیکردن و لاوازی لە جێبەجێ کردنی یاسا و سەپاندنی سزاکاندا وای کردوە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە تائێستاش بەردەوام بێت، هەروەها تاکەکانی کۆمەڵگەش هۆشیاری یاساییان کەمە بێ ئاگان لە و یاسایانەی تایبەتە بە هاوسەرگیری و مەرجەکانی، ئەوانەشی کە بەیاگان لەم بابەتە دەچن لەدەرەوەی دادگاکان یاخود ناوچە جێناکۆکەکان ئەم جۆرە لە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن.

– بە چاولێکەری و ویستێکی کاتی بە کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و دراما بیانیەکان بەبێ ئەوەی ئاگاداری بەرپرسیاریەتەکانی ژیانی هاوسەرگیری بن ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام دەگەیەنن و لە دواتردا پەشیمانی تەواوی ژیانیان داگیردەکات.

– بەداخەوە هۆکاری ئاینیش یەکێکە لە گرنگتریین هۆکارەکان ئەویش بریتیە لەوەی کە دەقە ئاینیەکان و شەریعەتی ئیسلامی ڕێگە دەدات کچان و کوڕان لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵیەوە هاوسەرگیری بکەن بۆ چارەسەرکردن و ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری پێشوەختە پێویستە هەندێک ڕێگە چارە بگیرێتە بەر:

– پێشکەشکردنی بەرنامەی چڕوپڕی هۆشیاری لەلایەن یاساناسان و کۆمەڵناسان و دەرونناسان و تەنانەت پزیشکانی پسپۆریشەوە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و ڕاستکردنەوەی سەرجەم ئەو بیرکردنەوە هەڵانەی ئەو پرۆسەیە زووتر دەهێنێتە ئاراوە .

– دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو و ئارام ودوور لە ترس وتوندوتیژی بۆ کچانمان و گەشەپێدانی ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیریان.

– ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی هاوسەرگیری بەر لە کاتی گونجاوی خۆی و بەرچاو ڕوونکردنەوەیان لە نادروستی و نا یاسایی و ناشارستانیەتی ئەو پرۆسەیە .

– بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تاک و خێزانەکان بەوەی کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کێشە وگرفت و جیابوونەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

– زیادکردنی سەنتەرەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان و دانانی کەسی پسپۆڕ و شارەزا و توێژەری لێهاتوو، هەروەها پسپۆڕی دەروونناس چونکە ئەوانە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەم جۆرە لە هاوسەرگیری.

– جێبەجێکردنی یاسا وهەموارکردنەوەی سەرجەم ئەو برگانەی پەیوەندی بەم پرۆسەیەوە هەیە و سزادانی ئەو کەسانەشی لەدەرەوەی یاسا یان لەدەرەوەی هەرێم بە دزیەوە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پێشوەختەیە ئەنجام دەدەن.

لە کۆتاییدا،هاوسەرگیری تەندروست خێزانی تەندروست بەرهەم دەهێنێت، خێزانی تەندروستیش منداڵی تەندروست بەرهەم دەهێنێت و خێزان و منداڵی تەندروستیش کۆمەڵگەی تەندروست بەرهەم دەهێنێت، بۆیە ئەرکی هەمووانە ڕێگری بکەین لە هاوسەرگیری ناتەندروست و پێکهێنانی خێزانی ناتەندروست.

لەتاراوگەوە

فە زیلە شۆرش - هۆڵەندا

دادپەروەی لە نێو خێزان و فرەژنی یەكترناگرن

بناغە وهەوێنی هاوسەرگیری وخێزانێکی تەندروست خۆشەویستی ودادپەروەرییە، پیاو لە بیرۆکەی ژنهێنان بەسەر ژنی دووردە کا، بەڵام بەداخەوە هەندێک پیاو کێشە ی بیرۆکەی ژنهێنان بەسەر ژنی زاڵە بەسەری. بێگومان سنووردارکردنی هێنانی لە یەک ژن زیاترلە ڕێگای یاساوە بڕیارێکی سەردەمیانەیە، پارێزگاری لە مافی ئافرەت و مندالْ وخێزان دەکات، چونکە هەرکاتێک کە پیاو بووە خاوەن دوو ژن یان زیاتردادپەروەری لە پەیوەندی هاوسەرگیری و خێزانیدا نامێنێت، ئەوانەی دەڵێن کە دادپەروەری ڕەچاو دەکەن ئەمە ریکلامێکی بێسوودە، چونکە تەنیا ئەو ئافرەتەی کە ژنی بەسەرهاتووە و منداڵەکانی هەست بەم نادادپەروەرییەکە دەکەن.

لە کوردستان یاسای باری کەسێتی تا رادەیەکی باش لە بەرژەوەندی ئافرەت هەموارکراوە، بە یاسا ژن هێنان بەسەر ژن سنووردارکراوە، بەڵام بە داخەوە کەلێنێکی یاسایی هەیە، هەندێک پیاو ئەم کەلێنە یاساییە بۆهێنانی ژنی دووەم بەکاردەهێنن، پێویستە ئەو کەلێنە یاساییە دابخرێ، بۆ نموونە : (لەبەردادگا ڕەزامەندی هاوسەری یەکەمی لەسەرژنهێانی دووەمی مێردەکەی وەربگیرێ) لێرە لە زۆرحاڵەت پیاو بەلێدان و نان برین و مەسرووف نەکردن هاوسەری یەکەمی ناچاردە کات بۆ رازیبوون، یان (تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشیەکی درێژخایەنی سەلمێنراو کە ڕێگە لە کاری سە رجێیَ ژن ومێردایەتی بگرێ) باشە ئەی کاتێک کە پیاو نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت و کاری سەرجێی ژن ومێردایەتی پێنەکرێ؟ لێرە کوا مافی ئافرەت ؟ یا (ئەو پیاوەی توانای دارایی وای هە بێ کە بە شی بەڕێوەبردنی پترلە ژنێک بکات) ئەی ئەوانەی توانای مادییان کەمە؟ لێرە مەبەستم نیە کە پیاوی کەم دەرامەتیش ژنی دووەم بهێنی، بەڵام هەندێک پیاو کە توانای مادی باش بوو ئەم خاڵە زۆر بە ئاسانی بۆهێنانی ژنی دووەم بە کاردەهێنن. لە وڵاتانی ئەورووپا تا دادپەروەری لە خێزان بێتە کایەوە، هێنانی ژنی دووەم بە یاسا قەدەغە کراوە، لە کاتی مارەبرینیش دەبێت ژن وپیاو لە پێش ئەوکەسەی کە مارەیان دەبڕی بە دە نگێگی باش بڵێن و بە ئیمزای هەردووکیان کە پەیمان دەدەنە یەکتر کە هاوسەرگیری یەکتر قبولْ دەکەن لە کاتە خۆش و ناخۆشیەکانی ژیانیان و لە باشی و خراپی باری ئابوریان و لە نە خۆشی و ساخی هەریەکەیان.

تا ئیمەش لە کوردستان دادپەروەری لە خێزان و دروستکردنی خێزانێکی تەندروست باشتر بکەین، بە یاسا ژن بەسەر ژنهێنان زۆر زەحمە تر بکەین، چونکە دادپەروەری لە نێوخێزان و فرە ژنی یەکتر ناگرن.

ژمارە (٣٦٧١) ٢٠٢٢/٦/١٣

هێلین نامە

- بە پێی راپۆرتی تازە نیوز، کۆنگرەی ئیسپانیا وەکو بەشێک لە گۆرانکاری لە یاسای ئەو وڵاتە و بە تەرکیز کردن لە سەر باشترکردنی رەوشی ئافرەتانی ئەو وڵاتە، تانەلێدان و سوکایەتی پێکردن بە ئافرەتانی لە شەقامەکان قەدەغە کرد و سەرپێچیکەران سزای یاسایی وەردەگرن، ئەو گۆرانکارییە یاساییە کە لە ئیسپانیا جێبەجێ دەکرێت لە دوای هەوڵەکانی هاوشێوەی ئەو یاسایەی کە لەوڵاتانی بەلجیکیا، کەنەدا، فەرەنسادا هەیە پەیرەو کراوە، هەر لەو بارەوە "ایرنە مونترو" وەزیری یەکسانی لە وڵاتی ئیسپانیا پێشوازی لەو هەنگاوە چاکسازییەی وڵاتەکەی کرد و وتی: ئەمڕۆ لە ئیسپانیا بە گشتی بۆ ئافرەتان وڵاتێکی ئازادتر و ئارامترە.

- وڵاتی ئۆستراليا ریکۆردێکی جیهانی لە کابینە نوێیەکەی تۆمار کرد بە دەستنیشانکردنی ١٣ وەزیری ئافرەت لە ٣٠ وەزیر، هەروەها لە مێژووی ئەو وڵاتەشدا یەکەم جارە ئافرەتێکی موسلمان پۆستی وەزیری وەربگرێت. "ئانتۆنی ئالبانیر"سەرۆک وەزیری ئەو وڵاتە لە توێتەری خۆی نووسیویەتی: " کابینە نوێیەکەی وڵاتی ئۆسترالیا وەکو خۆی گشتگیر و و فرە نەتەوە و فرەئایینە و بەمەش زۆر دڵخۆشم و شانازی پێوە دەکەم."

- بە پێی راپۆرتێک کە لە "کارگر انلاین" بڵاو کراوەتەوە "دیویدکالمباخ" لە زانکۆی پزیشکی میشیگان لە راپۆرتێکی پزیشکیدا سەبارەت بە کەمخەوی ئافرەتە گەنجەکان رایگەیاند،کە ترس و دڵەراوکی و ئازاری دەروونی لە پێش نووستن کاریگەری راستەوخۆی لە سەر کەمخەوی شەوانە هەیە و تەنانەت لە ئاکاری رۆژانەشیاندا رەنگدەداتەوە و بەردەوامبوونی کاریگەری نەرێنی لە سەر رەوشی خەودا دروست دەکات، ئەو ئەنجامە دوای ئەوە هات کە زانکۆ، لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر ١٧١ کچی گەنج ئەنجامدا، کە لە قۆناغی ئامادەیی دابوون، لێکۆڵینەوەکە ماوەی دوو هەفتەی خایاند و کچەکان دەبوایە لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا هەموو رۆژێک راپۆرتێک سەبارەت بە چۆنیەتی خەوتن و هەروەها کاریگەری کەمخەوی لە سەر هەڵسووکەوتی رۆژانەیان بنووسن، ئەو کچانەی کە شەو بە ئارامی دەخەوتن و خەوێکی قوڵیان هەبوو، بە درێژایی رۆژەکەش دڵخۆشتر و گەشبینتر بوون.

- هونەری پێکەوەژیان، گفتوگۆکردن و گوێگرتن لە یەکتر، لێکتێگەیشتن، خۆگونجاندن لەگەڵ باروودۆخەکانی ژیان و قەبوڵکردنی راستییەکان و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردن، بنەمای ژیانێکی راستەقینەی خێزانین. قەیرانەکانی ژیان هەر چەند زۆربن،ئەگەر بنەمای ژیانی خێزانیت بەهێز و پتەو بێت، بەئاسانی بە سەریدا سەردەکەوی، چونکە "خێزان، پەناگەیەکە بۆ ئارامی و ئامێزێکە بۆ خۆشەویستی" و ئەوەش بەرپرسیاریەتی هەموومانە کە بیپارێزین.

نەسرین حەسەن

فرەژنی یان فرە ژان

ئەسرین عاسی شوانی

لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتیەکاندا فرەژنی وەکو ژەمی خۆراکی ڕۆژانەی لێهاتوە و،گەر پیاوێک نەچێتە پرۆسەی چەند ژنەوە بەکەم و پیاو ناخوێندرێتەوە، بێئاگا لە ماکەکانی فرە ژنی وبەرکەوتە نەرێنیەکانی. دیارە گەلی کوردیش وەک باقی گەلانی ڕۆژهەڵات لەو تەقالیدە دواکەوتوە پشکی شێری بەرکەوتوە، لە فرە ژنی دا کەمی نەکردوە، بێئاگاش لە ماک و وەرهەمی فرەژنی، کە شیرازەی کۆمەڵی کوردەواری شێواندوە، ڕێژەی خیانەتی نێوان خێزانەکان بەربڵاوتر کردوە.

نارێکی منال خستنەو پەروەردەکردنیان لەنزمترین ئاست ڕاگرتوە، کێشەی کۆمەڵایەتی و کوشتنی ژن بە بەهانەی شەرەف لەهەڵکشاندایە، ئەمە و چەندین لایەنی نەرێنی تر کەبەهۆی ئەو عەقڵیەتە دواکەوتوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوەتە نەریت، بۆیە دەبینین ئەو دیاردەیە بوەتە باو و بێ سەڵەمینەوە دەست بۆ ژنی دووەم و چەند ژنە دەبەن و بێ بیرکردنەوە لە کێشەکانی دوای پرۆسەی چەند ژنە.

ڕاستە لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو فرەژنی وەک نەریتێک برەوی پێ دەدرێت، بەڵام کێشە لێرەدا ئەوەیە کە زۆر لە کەسە بەناوبانگ و کەسایەتیە سیاسی و سەرۆکی حیزبەکانیش دەس بۆ ئەوە دەبەن و ژنی دووەم و سێیەم دەبەن، بۆ هەموو ئەو ئەگەرانەش بەهانەی پێیە وەک سونەتی دینی و خستنەوەی منال و چەندین شتی لابەلای تر کە ڕێگە بەخۆیان بدەن چەندین ئافرەت لەخۆیان کۆبکەنەوە، بۆیە دەبینین بەهۆی ئەو فرەییەوە چەندین ژن دەکوژرێت و دەیان منال هەتیو بێ لانەو ماڵ دەبێت، وشیرازەی کۆمەڵ دەشێوێت، بەپێچەوانەوە لەوڵاتە پێشکەوتوەکان دا ئەوە بونی نیە،هاوسەران ژن و پیاو بەڕێکەوتن ژیانی هاوسەری پێکدێنن و کۆمەڵگەیەکی تەندروست پێکدەهێنن، بەڵام پێچەوانەکەی لێرە و لە وولاتانی دواکەوتودا بەهۆی فرەژنییەوە چەندین کێشەی چارەسەرنەبوو هەڵتۆقیوە و چارەسەریشی نیەو نابێت، بۆیە پێویستە کۆمەڵی کوردەواری دەبێت تەندروستانە لە پرۆسەی هاوسەرگیری بڕوانێت و فرەژنی بەلاوە بنێت تا ماکی ئەو هەموو برینە سارێژ بێت .

> بەهۆی ئەو فرەییەوە چەندین ژن دەکوژرێت و دەیان منال هەتیو بێ لانەو ماڵ دەبێت، وشیرازەی کۆمەڵ دەشێوێت

گۆڕانکاری هۆرمۆنەکان لەسەر تەندروستی ددانی ئافرەت

گرفتی ددانەکان وەک هەموو نەخۆشی و ناڕەحەتیەکانی تر بەشێک لە ئافرەتان تووشی دەبن بە درێژایی ژیانیان .هۆکار زۆرن بۆ توشبوون بە گرفتی ددانەکان هەندێک جار بۆماوەییە و هەندێکجاریش گۆڕانکاری هۆڕمۆنی ڕۆڵ دەگێرن بۆ تەندروستی ددانەکان. بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی (هەرزەکاریدا، منداڵبوون، دووگیانی، سوڕی مانگانەدا) گۆڕانکاری لە ئاستی هۆڕمۆنەکانی ڕەگەزی ئافرەتان لە لەشیاندا ڕوودەدات. ئەم هەڵچوونانە کە لە ئاستی هۆرمۆندا ڕوودەدەن کاریگەری لەسەر تەندروستی دەم و ددان پەیدا دەکەن. بەتایبەتی لە کاتی سووڕی مانگانەدا بەهۆی گۆڕانکاری لە هۆڕمۆنەکاندا ئاوسان لە پوکەکاندا دروست دەبێت و نیشانەی هەوکردن و سووربوونەوە ڕوو دەدات.

گرنگترین گۆڕانکاری کە لە ماوەی دووگیانیدا ڕوودەدات بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنەکانی ئیسترۆجین و پرۆجێسترۆن. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی کەڵەکەبوونی پلاکی ددان لەسەر ددانەکان و هەروەها دروست بوونی کلس لەسەر ددانەکان، کە بەمەش نەخۆشییەکانی سەر پوک زیاتر گەشە دەکەن و زیاتر بێزارکەر دەبن. ئەم حاڵەتە کاریگەری لەسەر زۆربەی ئافرەتانی دووگیان هەیە، بەتایبەتی لە ماوەی ٢ مانگی و ٣ مانگی دووگیانیدا.

چارەسەری گشتی کێشەی ددان لە ئافرەتاندا

١- شووشتنی ددان رۆژانە ٢ بۆ ٣ جار و هەروەها شووشتنی زمان بە فلچە و غەرغەرەکردن بە خوێاو و ئاو یاخود دەرمانی تایبەت بۆ دەم لەناو دەم و قورگ،پسپۆڕان ئاماژەش بەوەدەکەن شووشتنی ددانەکان ڕێگر دەبێت لە چوونە ناوەوەی بەکتریای زیانبەخش و میکرۆب بۆ ناو جەستە.

٢- جووینی بنێشت لەنێوان ژەمەکان، یارمەتی تەڕیی ناودەم دەدات، ددانەکانت پاک دەکاتەوە کە هەردووکیان یارمەتی پاککردنی ددان دەدەن.

٣- زۆر گرنگە ئافرەتان شیر بخۆنەوە چونکە ڕێژەی کالیسیۆم تێدا بەرزە هەم بەمەبەستی تەندروستی ددان هەم بۆ تەندروستی ئێسقان لە پوکانەوە دەپارێزێت بەتایبەتی لەکاتی گەورە بوونی تەمەن.

٤- پێویستە خواردنەوەی ئاو پشتگوێ نەخرێ چونکە بەرگری لە وشکبوونەوەی ناو دەم.

٥- بەکارنەهێنانی فلچەی ڕەق کە دەبێتە هۆی برینداربوونی پووک و زیان گەیاندن بە ددانەکان.

٦- کەمی ڤیتامین C وا لە پوک دەکات توشی هەوکردن بێت بۆیە گرنگە کە ڤیتامین سی C بخورێت.

٧- کاتێک کە ددانێک تووشی ڕەشبوون یان کلۆربوون دەبێت،پێویستە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی ددان، چونکە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی ئەم کلۆربوونە و گواستنەوەی بۆ ددانەکانی تر.

ئامادەکردنی: هێلین

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
....
www.helinmedia.org

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org